# کاریگەریی ستراتیژیەتی فێربوونی پێچەوانە لەسەر دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی هەشتی بنەڕەتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا و گەشەپێدانی و چێژوەرگرتنیان لە وانەدا

شناز کاوە عەزەدین
Shnazkawa93@gmail.com
پ. د. مەهاباد عەبدولکەریم ئەحمەد
Mahabad.abdulkarim@ircoedu.uobaghad.edu.iq
زانکۆی بەغداد کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان

پوختەی توێژینەوە:
ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا زانینی (کاریگەریی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانەیە لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی و گەشەپێدانی چێژوەرگرتن لە وانە)، بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجەش توێژەر دوو گریمانەی (سفر)یی داڕشتووە:

1. نەبوونی جیاکاریی ئامارەیی ئاماری لە ئاستی (0,05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بە پێی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە خوێندووەو ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندووە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی.
2. نەبوونی جیاکاریی ئامارەیی ئاماری لە ئاستی (0,05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردسییان بە پێی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە خوێندووەو نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگەی ئاسایی خوێندووە لە پێوەری گەشەپێدانی چێژوەرگرتن لە وانە.

توێژەر میتۆدی ئەزموونی گرتەبەرو پشتی بە دیزاینی ئەزموونیی بەشە کۆنترۆڵکراو بەست، کە بریتییە لە دیزاینکردنی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی تاقیکردنەوەی پاشەکی، نموونەی توێژینەوەکەشی بە شێوەی ئەنقەست هەڵبژارد کە لە (59) قوتابی پێکدێت، (31) قوتابی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و (28) قوتابیش بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، توێژەر قوتابخانەی (خانزاد)ی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاری کەرکوکی هەڵبژارد.

# فاعلية استراتيجية التعلم المعكوس في تحصيل طالبات الصف الثامن الأساسي في مادة قواعد اللغة الكردية وتنمية استمتاعهن بالدرس


شناز كاوة عزالدين

Shnazkawa93@gmail.com

أ.د.مهاباد عبد الكريم احمد

Mahabad.abdulkarim@ircoedu.uobaghad.edu.iq

قسم اللغة الكوردية، كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية، جامعة بغداد



**الملخص**

يهدف البحث الحالي الى معرفة (فاعلية استرتيجية التعلم المعكوس في تحصيل طالبات الصف الثامن الاساسي في مادة قواعد اللغة الكردية وتنمية اسمتاعهن بالدرس) ولتحقيق هدف البحث صاغت الباحثة الغرضتين الصفر تين:

1- لا يوجد فرق دلاله احصائية عند مستوى (0.05) بين متوسط درجات طالبات المجموعة التجريبية اللاتي يدرسن مادة قواعد اللغة الكردية على وفق استراتيجية التعلم المعكوس ومتوسط درجات طالبات المجموعة الضابطة اللاتي يدرسن المادة نفسها على وفق الطريقة التقليدية في اختبار التحصيل البعدي.

2- لا يوجد فرق ذو دلاله احصائية عند مستوى (0.05) بين متوسط درجات طالبات المجموعة التجريبية اللاتي يدرسن مادة قواعد اللغة الكردية على وفق استراتيجية التعلم المعكوس, ومتوسط درجات طالبات المجموعة الضابطة اللاتي يدرسن المادة نفسها على وفق الطريقة التقليدية في مقياس تنمية الاستمتاع بالدرس.

اتبعت الباحثة المنهج التجريبي, واعتمدت على تصميم تجريبي ذي الضبط الجزئي, هو تصميم المجموعة التجريبية والضابطة ذو الاختبار البعدي, واختارت بنحو قصدي عينة البحث المتكونة من (59), وقسمت (31) طالبة للمجموعة التجريبية, و (28) طالبة للمجموعة الضابطة, واختارت الباحثة مدرسة (خانزاد) التابعة للمديرية العامة لتربية في محافظة كركوك.



**الكلمات المفتاحية:التعلم المكوس، تحصيل،الصف الثامن الاساسي،قواعد اللغة الكردية.**

# The Effectiveness of the inversed Learning Strategy in the achievement of Eighth-grade Students in the Kurdish Language Grammar Subject and Developing Their Enjoyment of the Lesson

**Shnaz Kawa Ezaddin**
Shnazkawa93@gmail.com
**Prof.Dr.Mahabad Abdulkarim Ahmed**
Mahabad.abdulkarim@ircoedu.uobaghad.edu.iq
**Depatment Kurdish Language,College of Education Ibn-Rushd for Humanities Sciences,Baghdad University**

## Abstract

This study includes (the effectiveness of the inversed learning strategy in the eighth-grade student's achievement in the subject of Kurdish language grammar and developing their lesson enjoyment). To investigating the research aim, the researcher formulated the following two objectives:

- Statistically non-significant difference at the level (0.05) between the average scores of female students of the experimental group who are studying the Kurdish language grammar subject according to inversed learning strategy, and the average students scores of the controlled-group who are studying the same subject according to the traditional method in the post-achievement test.

-Statistically non-significant difference at the level of (0.05) between the average students scores of experimental group who are studying the Kurdish language grammar subject according to inversed learning strategy, and the average students scores of the controlled-group who are studying the same subject according to the traditional method in the scale of developing the lesson enjoyment.

-The researcher followed the experimental methods, and depended on the experimental partial control design, which is the experimental design and controlled-group with post-testing. The sampling purposefully was chosen (59) students, and divided into (31) students of the experimental group, and (28) students of the controlled-group. The (Khanzad) School was selected belonging to the General Directorate of Education-Kirkuk Governorate.

**Keywords:Inversed Leaning Strategy,Achievement,Eighth-grade Students, Kurdish Language Grammar**

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

سەرەڕای گرنگی و بایەخی ڕێزمانی کوردی، کەچی تا ئێستاش کێشەی ئاستەنگی خوێندنی ئەم بابەتە بەردەوامە، دیاردەی لاوازیی ئاستی دەستکەوتیش لە ناو قوتابییان بۆتە کارێکی بەربڵاو و کێشەیەکیشە لە کێشە گرنگەکانی فێرکردنی ڕێزمانی کوردی، چونکە تاکو ئێستاش ڕێزمان بە زەحمەتی ماوەتەوە و سکاڵاش بەردەوامە، خەریکە لاوازیی قوتابییانیش تیایدا دەبێتە دیاردەیەکی گشتگیر و گشتییە، لەبەرئەوەی ئەم لاوازییە لە قۆناغێکی دیاریکراوی خوێندن دەستنیشاننەکرێت، بەڵکو قوتابی بە دەست ئاستەنگی ئەو ڕێزمانی کوردییەوە گیرۆدە و هەڵوەدان، کە لە قۆناغە گشتییەکانی خوێندندا پێشکەشیاندەکرێت و دەیخوێنن، بە جۆرێك هەتا قوتابی توانای خوێندنەوەو نووسینیشی وەك پێویست نییە و لە ڕێزمان و ڕێنووس و بوارەکانی دیکەشدا هەڵەی زۆریان لێ تێبینیدەکرێت.

توێژەر پێیوایە، کە لاوازیی قوتابییان لە ڕێزمانی کوردی لەو گرفتانە دادەنرێت، کە لە زۆربەی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا هەن، چونکە توێژەر دوای ئەوەی چاوپێکەوتن و دیداری لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستایانی زمانی کوردی و ژمارەیەك لە قوتابییان ئەنجامدا و لە خستنەڕووی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردن، بە تەواوی لە بوونی ئەو کێشانە دڵنیابۆوە و بۆی دەرکەوت، کە کێشەکە لە ئاستەنگی ناوەڕۆکی خودی بابەتە زانستییەکە و لە شێوازو وانەوتنەوەی مامۆستایان و چۆنیەتی گەیاندنی بابەتەکە بۆ قوتابییان و هەتا لە ئاستەنگی پرۆگرامە زانستییەکەشدایە، ئەوەش لە سۆنگەی بوونی ئەو بابەتانەی کە لەناو پرۆگرامەکاندایە و قوتابییان بە زەحمەت لێیانتێدەگەن، هەروەها توێژەر پێیوایە کێشەکە خۆی لە لاوازیی زۆربەی قوتابییان لە ڕێزمانی کوردی دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی زیاتر بە لای ئەزبەرکردندا دەچن، نەك تێگەیشتن و پەیبردن و درکپێکردن.

لەو هۆیانەی کە دەبنە مایەی لاوازیی قوتابییان لە فێربوونی ڕێزمان، ئەوەیە کە وتنەوەی وانەکە پشت بە هیچ شێوازێك لە شێوازەکانی فێربوونی خودی نابەستێت، ئەمەش وا لە قوتابی دەخوازێت، کە توانا و چالاکییەکی زمانیانەی زیاتری هەبێت، بۆ ئەوەی لە گەشەپێدانی کارامەییە دیاریکراوەکان یارمەتییبدات و بە هۆیەوە بتوانێت بگاتە زانینەکانی ئەو بنەمایانە و لێیانتێبگات، پاشانیش لە ڕێگای خوێندنەوە و نووسینەکانییەوە پیادە و جێبەجێیانبکات، بۆیە لە مێشك و هزری قوتابییاندا چەسپاوە کە ڕێزمان زەحمەت و ئاڵۆزە.

توێژەر بە شێوەیەکی گشتی لاوازیی لە ئاستی قوتابییان لە بابەتی زمانی کوردی و بە شێوەیەکی تایبەتیش لە بنەماکانی ڕێزماندا بەدیکرد، بە جۆرێك زۆرێك لە قوتابییان هەن ئارەزووی خوێندنی وانەی ڕێزمانیان نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازیی ئاستی خوێندنیان و نزمیی ئەو نمرانەی لەم بابەتەدا بەدەستیدەهێنن، هەروەها لە کاتی وانەکانیاندا بە دەست خراپ بەکارهێنانی بنەماکانی ڕێزمان و زۆری هەڵەی ڕێنووس لە کاتی نووسیندا دەناڵێنن و زێدەباری لاوازیی ئاستی بیرکردنەوە لای قوتابییان، چونکە هەموویان بە شێوەی نەریتیی کۆن بیردەکەنەوە، کەواتە پێویستیی زۆریان بەوە هەیە لەو شێوازی بیرکردنەوە نەریتی و کۆنە دەربازیان بێت و کار لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە پەرەسەندووەکانی جۆرەکانی بیرکردنەوەیان بکرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ستراتیژییەکان و ئەو ڕێگایانەی کە لە وتنەوەی بابەتی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا پشتیان پێدەبەسترێت، یارمەتیی

قوتابییان نادەن لە چێژوەرگرتن لە وانەکە, کۆمەڵێك لە مامۆستایانی نێر و مێ کە توێژەر دیداری لەگەڵ سازداون ئاماژەیان بەوەداوە، کە نزمی ئاستی سەرکەوتن و دەرچوون لە بابەتی ڕێزمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ بابەتەکانی دیکە کەمە، بەمەش دەستکەوتی سەرکەوتن لە ئاستێکی نزمدا دەبێت و دەبێتە هۆی دابەزینی ڕێژەی دەرچوون لە بابەتی زمانی کوردی.

کۆمەڵێ توێژینەوە کە لە عێراقدا ئەنجامدراون، لاوازیی قوتابییانیان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی سەلماندووە، لەوانەش توێژینەوەی عەلی (2019) و توێژینەوەی شێخانی (2022) و توێژینەوەی نامق (2022) و توێژینەوەی زەنگەنە (2023).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشکەشکرا، دەکرێت کێشەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە پوختبکەینەوە:

- **کارایی ستراتیژی فێربوونی پێچەوانە لە فێربوون و دەستکەوت لە بابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابییانی پۆلی هەشتەم و گەشەپێدانی چێژوەرگرتنیان لە وانەکە چییە؟**

**دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە:**

جیهانی ئەمڕۆ پەرەسەندنێکی زانستی و تەکنەلۆژیای گەورە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەخۆیەوە دەبینێت، ئەم پەرەسەندنە زانستییەش بە پێوەرێك دادەنرێت و پێشکەوتن و پەرەسەندنی وڵاتانی پێپێوانە دەکرێت و پەیوەست و گرێدراوی ئەو ئاستی پەرەسەندنی زانستی و تەکنەلۆژییەن، کە ئەو وڵاتانە بەدەستیدەهێنن، پرۆسەی پەروەردەش بۆتە ئامرازێکی وەبەرهێنانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پەیوەست بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا. (الفتلاوی، 2009, ل. 28) (Al-Fatlawi, 2009, L. 28) لە سۆنگەی ئەوەی ئامانجی سەرەکیی پەروەردە گۆڕینی ڕەفتارە، بۆیە ئەو گۆڕانە ئامانجێکی دیارکیرا و لەخۆدەگرێت، ئەویش تاکە (الحمدانی، 2010, ل. 29) (Al-Hamdani, 2010, L. 29), لەبەرئەوەی فێرکردنیش ئامرازی پەروەردەیە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی و چالاکییەکی کارا و کاریگەرە و ئامانجی پەروەردەکردنی قوتابی و گەشەپێدانیەتی، تاکو تواناى خۆگونجاندن و کارلێکی ئەرێنیی لەگەڵ ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا هەبێت، هەروەها هەست بە تواناو کاریگەریی لەسەر پەرەپێدانی بکات، ئەم خۆگونجاندنەش پێویستیی بە هوشیارییەکی ئەوتۆ هەیە، کە ئاستێکی بەرزی زانست و زانینەکان و پەیبردن و درکپێکردنی پەیوەندییەکان و تێگەیشتنی زاراوەکانی ژینگە لەخۆبگرێت، کۆڵەکەکانی پرۆسەی فێرکردنیش (پرۆگرام، مامۆستا و قوتابی) پێویستییان بە ئامرازی دیکە هەیە، ئەویش بریتییە لە ستراتیژ و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کە ئەوانیش لەو هۆکارە گرنگانە دادەنرێن، کە یارمەتیی مامۆستا لەسەر سەرکەوتنی لە کارەکەی دەدەن، چونکە مامۆستا ستراتیژ یان ڕێگای وانەوتنەوە بۆ گواستنەوەی زانین و زانیارییەکان و کارامەییەکان بۆ قوتابی بەکاردەهێنێت. (الزغلول والهنداوی، 2004, ل. 35) (Al-Zaglol and Al-Hndawi, 2004, L. 35), بۆیە ئاڕاستەی بایەخدان بەرەو دانانی ئەو پرۆگرامانە هەنگاوی نا، کە بەشداری لە سازدان و ئامادەکردنی قوتابی بۆ ئایندە بە مەبەستی هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی جێگیر و نەگۆڕن دەکەن، لەبەرئەوەی ئامانجە پەروەردەییەکان دەربڕی حەقیقەتی ڕەهان، بە جۆرێك هەتا گفتوگۆشیان لەسەر ناکرێت، ئەوەی لەسەر قوتابیش پێویستە فێربوونە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاست و پلەی ئاستەنگەکان یان ئاستی گونجانی لەگەڵ قوتابی و بایەخەکانی. (الجابری واخرون، 2011, ل. 26) (Al-Jabri and *et al.*,2011, L. 26).

بۆیە پەروەردە پێگەیەکی گرنگ لە بونیادنانی کۆمەڵگە و پەرەسەندنیدا داگیردەکات، لەبەرئەوەی ئامانجی هێنانەکایەی گۆڕانکارییە لە ڕەفتاری مرۆڤ و گەشەپێدانی کەسایەتی و ئاڕاستەکردنیەتی بەرەو خزمەتی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژێت، هەروەها بریتییە لەو پرۆسەیەی دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی گشتگیرانە لە ڕەفتار و هزر و ویژدانی مرۆڤ، هەروەها کردارێکی بەردەوامیشە و سەرەتاکەی لە یەکەم رۆژەکانی ژیانی مرۆڤەوە دەستپێدەکات تاکو کۆتایی تەمەنی. (زیعور، 2012, ل. 23) (Zeour, 2012, L. 23).

سەرباری ئەوەی پرۆسەی پەروەردە بە تەنها لە کۆمەڵگەدا تواناى هێنانەدیی ئامانجەکانی نییە، تەنها لە ڕێگای پەیوەندیکردنەوە نەبێت، چونکە لەو ڕێگایەوە دەتوانێت سیستەمەکانی فێرکردن، کە زمانە وەك ئامرازێکی بنەڕەتی پیادە و جێبەجێبکات، ئەو زمانەی مرۆڤ وەك ئامرازێك هەر لە دێرزەمانەوە لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی لەگەڵ ئەوانیتر بەکاریهێناوە و توانیویەتی لەبەر ڕۆشناییدا بیرۆکە و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ژیانی بگوازێتەوەو بیانکاتە ئامرازی بونیادنانی ژیانی تایبەتی خۆی و بونیادنانی کۆمەڵگەکەی، بۆیە مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا پێویستیی بە زمان هەیە تەنها بە ڕاوەستانی ژیان ئەویش ڕادەوەستێت. (زاير وداخل، 2013, ل. 19) (Zayer and Dakhel, 2013, L. 19).

زمانیش نیعمەتێکە لە نیعمەتەکانی خوای گەورە، کە بە مرۆڤی بەخشیوە و ئایەتێکیشە لە ئایەتە جوانەکانی، وەك لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێیداوە, کاتێك دەفەرموێت: [وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لأيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ] سورەتی الروم، ئایەتی (22)، بۆیە زمان بە باڵاترینی ئەو بەخششانە دادەنرێت، کە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە، زمانی ئاخاوتنیش کرۆك و گەوهەری مرۆڤ و دیاردەیەکیشە لە دیاردەکانی عەقڵ و گۆشەنیگای هزر و زوبانیشە. (البدری، 2005, ل. 19) (Al-Badri, 2005, L. 19)

توێژەریش پێیوایە، کە زمان ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردنی مرۆڤ لە نێوان کۆمەڵگەکەی و بە مەبەستی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردن و ئەنجامدانی پێداویستییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە بۆ ئەوەی بتوانێت پێکەوە لەگەڵیاندا بژێت و لە ژیانی تاکە کەسی دەربازیبێت.

زمانی کوردیش یەکێکە لە زمانە هیندۆ ئەوروپییە گەشەسەندووە زیندووەکان، کە مێژوویەکی دێرین و قووڵ و تایبەتمەندیی زمانیانەی خۆیشی هەیە، زێدەباری ئەوەی زمانێکە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی بە یەکترییەوە بەستۆتەوە و تۆمارێکیشە بۆ خوو و دابونەریت و هونەرو زانست و کەلتوورەکەی و لەگەڵ زمانی عەرەبیشدا لە ڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە. (امین، 2016، ل. 495)
(Amin, 2016, L. 495).

ڕێزمان زانستێکە، فێری ئاخاوتن و نووسینی زمانێکمان دەکات، بە شێوەیەکی ڕاستی. (أمین، 2013، ل. 22) (Amin, 2013, L. 22)، هەروەها ڕێزمان وەك زانستێك یەکێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی زمانزانی، بریتییە لە کۆمەڵێك یاسا و دەستوور لە بابەتی داڕشتن و وشە و چوونە پاڵیەکدیی وشە بۆ داڕشتنی ڕستە، هەر زمانێك ڕێزمانی خۆی هەیە، لەبەرئەوە ڕێزمان وەك زانستێك لەسەر کەرەستەی چەسپاوی ئەو زمانە دادەڕێژرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك بابەتێکی زانست، ڕێزمانی گشتی هەیە، کە مەبەست ڕێکخستنی شێوازی گشتییە لە توێژینەوەی پێکهاتنی

ڕێزماندا، هەرچەندە هەر زمانێك خاوەنی کەرەستەی تایبەتی خۆیەتی و شێوازی جیاواز و بەکارهێنانی سەربەخۆیە، ئەو تایبەتمەندییانە لە زمانی جیاوازدا دەبینرێن. (مارف، 1979، ل. 3-4) (Marf, 1979, L. 3-4).

ڕێزمان لە هەموو زمانێکدا دەبێتە تەوەر و لایەنێکی بنەڕەتیی بۆ مانەوە و ناساندنی هەر زمانێك، ڕێزمانی زمانەکانی جیهان، ئەگەرچی لە هەندێك ڕووەوە لەیەك دەچن، بەڵام لە یەکیش جیاوازن، زمانی کوردیش خاوەنی ڕێزمانێکی تایبەت بە خودی خۆیەتی و چەندین بەش و تەوەر لەخۆدەگرێت و سەدان پەرتووکی لەسەر نووسراوە.

ئامانج لە فێربوونی بنەماکانی ڕێزمان سوودوەرگرتنە لێی و بەکارهێنانی زمانە بەکارهێنانێکی ڕاست و دروست لە خوێندنەوە و نووسین و دەرپڕیندا، لەبەرئەوەی ڕێزمان ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی زمان، نەك مەبەستێك بێ لە خودی خۆیدا، لە پێناو هێنانەدیی ئەو ئامانجەی کە دامەزراوە فێرکارییەکان لە وتنەوەی لقەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و بنەماکانی ڕێزمان بە شێوەیەکی تایبەت هەوڵ و تەقەللای بۆ دەدەن، زۆر پێویستە جەخت لە سەر ڕێگا و ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە بکرێتەوە و بایەخیان پێبدرێت، چونکە ڕۆڵێکی کارا و هاندەریان بۆ تەواوکردنی پرۆسەی فێرکردن بە سەرکەوتوویی و هێنانەدیی ئەو ئامانجانە هەیە، کە بۆیان تێدەکۆشیت و هەوڵیان بۆ دەدات، ئەم کارەش پێویستیی بە هاوشانبوونی بەردەوام بۆ دۆزینەوەی ئەو ستراتیژییانەی وانەوتنەوە هەیە، کە توانای هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی هەیە و ئەو ڕێگایانەش کە پێویستن بۆ باشترکردن و پەرەپێدانی ئەنجامدانی کاری هەریەکە لە مامۆستا و قوتابی لە هەڵوێستێکی فێرکاریدا، بە جۆرێك وەڵامدەرەوەی گۆڕانکارییە پەروەردەییە هاوچەرخەکان بێت، چ ئامراز یان ئامێری تەکنیکی یان ستراتیژیی وانەوتنەوە بن. (عبدالمنعم، 2015، ل. 35) (Abd-Almonem, 2015, L. 35)

پەرەسەندنیش تەنها بە هێنان و فێربوونی ئەلیکترۆنی بۆ ناو پرۆسەی فێرکردن نابێت، بەڵکو لە بەهێزکردنی ئاڕاستەکانی قوتابییانەوە بەرە و بوارە پیادە و پراکتیزەکارییەکان و زانینی لایەنەکانی ئامادەباشی و تواناکانیان سەر تێگەیشتن و دەستکەوت و چارەسەرکردنی زانیارییەکان دەبێت. (الحربی والتمیمی،2015، ل. 7) (Al-Harbi and Al-Tamimi, 2015, L. 7) .

ئەو فێرکردنەی کە سەرنج و جۆش و خرۆش بە زانین دەبەخشێت و وا لە پرۆسەی فێرکردن دەکات چێژبەخشتر و زیندووتر بێت، لەگەڵ کەمە وانەوتنەوەیەکی نەریتی و کۆن و زۆرێك لە پرۆژە و خوێندنەوەکان و سەرنجدان لە فێربوون بەوەی قوتابی چەقی مەبەستە نەك مامۆستا، ئەمەش بە باشترین جۆرەکانی فێرکردن دادەنرێت. (حمزە وهلیل، 2019، ل.311) (Hamza and Hleel, 2019, L. 311).

کارایی وانەوتنەوە بە وەرگرتنی ئاستی دەستکەوتی لەلایەنێك لەلایەنەکان پێوانەدەکرێت، چ مەعریفی یان ویژدانی یاخود کارامەیی بن، دەستکەوت بە ڕەنگ و جۆرە جیاوازەکانییەوە لە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان دادەنرێت، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو بایەخە پەروەردەییەی لە ژیانی قوتابییاندا هەیەتی، چونکە لە بواری پەروەردەییدا خەریکە دەستکەوتی نمرە و زانین و زانیاری ببێتە تاکە پێوەر، کە لە ڕێگایەوە قوتابی بەرەو پێشدەچێت و لە پۆل و قۆناغێکەوە دەچێتە پۆل و قۆناغێکی دیکەی خوێندن. (اللامی والراوی، 2020، ل. 20) (Al-lami and Al-Rawi, 2020, L. 20)

دەستکەوت بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت، چونکە ئەوەی بایەخێکی گەورەی لە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەدا و ئەنجامدانی کاری عەقڵیی فێرخوازاندا هەیە، بە جۆرێکیش سەرنجی لێدەدرێت کە پێودانگی بنەڕەتییە و لە ڕێگایەوە ئاستی ئەکادیمیی قوتابییان دەستنیشاندەکرێت، پەروەردەکارانیش تێبینیی جیاوازیی نێوان قوتابییانینان لە ئاستی دەستکەوتیاندا کردووە، ئەم جیاوازییەی نێوان قوتابییانیش لەسەر گۆردراوە پەیوەستەکان بە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنەوە ڕاوەستاوە، سەرباری ئەوەی هۆکاری ناوخۆیی و سۆزداری و کەسێتیی دیکەش هەن، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر سەرکەوتن و کاریگەریی دەستکەوت هەیە و ناشکرێت بە ڕێگایەکی هەستپێکراو و بەرجەستەکراویش تاوتوێبکرێن، وەك ئاڕاستە و مەیل و ئارەزوو و پاڵنەرێتی، چونکە چەمکی دەستکەوت بۆ ئاماژەدان بەو ئاستی سەرکەوتنە بەکاردەهێنرێت، کە قوتابی لە بوارێك یان بابەتێکی خوێندنی دیاریکراو بەدەستیدەهێنێت و بە دەرئەنجامی کۆتایی فێربوونیش دادەنرێت. (زایر وداخل، 2013، ل. 154) (Zayer and Dakhel, 2013, L. 154).

لەم گۆشەنیگایەوە زۆر پێویستە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوەی هاوچەرخ بدۆزرێنەوە و قوتابی بکەنە تەوەر و ڕەگەزێکی کارا لە بوار و هەڵوێستێکی فێربووندا، ئەوەش لە میانی تیشك خستنەسەر ژمارەیەك لەو ستراتیژییە هاوچەرخانەی وانەوتنەوە دەبێت، کە یەکێکیان ستراتیژیی فێربوونی پێچەوانەیە یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك و یەکێکیشە لە شێوازەکانی فێربوونی ئاوێتەکراو، کە نێوان کاراکردنی تەکنەلۆژیا لە بواری فێرکردن و ڕۆڵی کارلێکی نێوان مامۆستا و فێرخواز کۆدەکاتەوە، بێئەوەی هیچ کامێکیان وەك ئامرازێکی یارمەتیدەر لە فێرکردنی کارا پشتگوێ بخات، (بشارات، 2015، ل. 166)، (Basharat, 2015, L. 166) بیرۆکەی بنەڕەتیی فێربوونی پێچەوانەش لەسەر پێچەوانەکردنەوەی پرۆسەی فێرکردن ڕاوەستاوە، کە ئەویش ستراتیژییەکی فێربوون و فێرکردنی مەبەستدارە و پێکهاتەی پرۆسەی فێرکردنیش دووبارە دەکاتەوە، تاکو ئەو ڕۆڵە نەریتی و کۆنەی کە قوتابخانەو ماڵەوەی قوتابی لەسەری ڕاهاتوون بگۆڕێت، بە جۆرێك هەریەکێکیان شوێنی ئەوەی دیکەیان بگرنەوە و نێوان دوو کات و دوو شوێنی فێربوون کۆبکاتەوە، وەك بەشە وانە و کاتەکەی لە قوتابخانە و لە ماڵیشەوە، هەروەها کۆکردنەوەی نێوان دوو جۆر لە جۆرەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی کە بریتین لە فێربوونی هاوتەبا و نا هاوتەبا)،[1] لە میانی ئامادەکردنی ڤیدۆیەك، کە ماوەکەی لە نێوان (5-10) خولەك بێت و لە یەکێك لە ماڵپەڕەکانی (WEB) یان تۆڕەکانی سۆشیال میدیا بەشداریی پێبکەیت لە ڕێگای

---

1. ئەم دوو زاراوە گشتییە پەیوەستن بە ڕاهێنان و مەشق پێکردن و فێرکردنی فەرمانبەران و قوتابییان لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، ئەوانیش وانەوتنەوەی هاوتەبا و ناهاوتەبایە، یان هاوکات و ناهاوکات (المتزامن وغير المتزامن). وانەوتنەوە و ڕاهێنانی هاوتەبا (المتزامن) ئەو فێربوونەیە، کە ڕاستەوخۆ بە کردەیی لەگەڵ مامۆستا و ڕاهێنەرەکەدا ئەنجامدەدرێت، ئەمەش وا دەکات قوتابییەکان لەگەڵ یەکتریدا کارلێکبکەن، بەڵام فێربوون و ڕاهێنانی ناهاوتەبا (غير المتزامن) لەو ژینگانە ڕوودەدات، کە پێویستییان بە بەشداریکردنی بەشداربووان لەگەڵ ڕاهێنەر و مامۆستاکانیان لە هەمان کات و شوێندا نییە.

گرتەی ڤیدیۆیی یان دۆسییەی دەنگی یاخود هەر هۆکارێکی هەمەجۆری تر، کە کات بۆ فێربوون دابینبکات لە ئەنجامدانی چالاکیی ناو پۆل و ئەو بەشە وانەیەی کە فێربوون بەهێزدەکات و بەشە وانەکە دەکاتە هۆڵ و شوێنێك بۆ فێربوون و وا لە قوتابی دەکات ببێتە تەوەری پرۆسەی فێرکردن. (القحطانی واخرون، 2014، ل. 33) (Al-Qahtani *et al.*, 2014, L. 33) .

توێژەر پێیوایە، کە ستراتیژیی فێربوونی پێچەوانە سەرنج و جۆش و خرۆش دێنێتە ئاراوە و هەوڵی گەڕان و دەستکەوتی زانین زیاتر دەکات و وا لە پرۆسەی فێرکردن دەکات چێژبەخشتر و زیندووتر بێت، لەگەڵ کەمە وانەیەکی نەریتیی کۆن و زۆرێك لە پرۆژە و پڕیارەکان، سەرنج و گرنگیدانیش لەناو پرۆسەی فێربوون بۆ قوتابی دەبێت نەك مامۆستا.

چێژوەرگرتنیش لە وانەو چوونە ناو ئەدا و ئەنجامدانی ئەرك و چالاکییە فێرکارییەکان لە پێناو بەدەستهێنانی چێژ و ڕەزامەندی لە هەمان ئەرك، ئەمەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو دەرئەنجامانە دەبێت، کە لە میانی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان دێنە ئاراوە، لە هەمان کاتیشدا قوتابی هەست بە چێژوەرگرتندەکات.

توێژەر قۆناغێکی زۆر گرنگی هەڵبژاردووە، کە ئەویش قۆناغی ناوەندییە، لە سۆنگەی ئەوەی قۆناغی ناوەندی قۆناغی گواستنەوەیە لای قوتابییان، چونکە لەم قۆناغەدا قوتابی درك بە پێکهاتەی کەسایەتی و بنەما خودییەکانی خۆی دەکات و متمانە و باوەڕی بە خۆی زیاتر گەشەدەکات، هەروەها قۆناغێکی گونجاویشە بۆ وانەوتنەوەی ستراتیژیی فێربوونی پێچەوانە.

هەروەها توێژەر پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی وەك نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، ئەوەش بەهۆی بایەخەکەی لەوەی پۆلێکە لە نێوان هەردوو قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی و نۆیەمی بنەڕەتیدایە، کە پۆلێکی گونجاوە لە قۆناغی ناوەندی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە.

لە لایەکی دیکەوە توێژەر پێیوایە، کە قۆناغی ناوەندی لە قۆناغە گرنگەکانی خوێندنە، چونکە تیایدا قوتابی ئاسۆی عەقڵی و بیرکردنەوە و فێربوونی کارامەییە ئەکادیمییەکانی فراوانتر دەبن و زیاتر بەرەو پێگەیشتنی عەقڵی دەچێت و پەیبردن و درکپێکردنی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کارلێکی چالاك لەگەڵی و لەگەڵ قوتابخانە فراوانتر دەبێت و زیاتریش ئاڕاستەی ڕاست و دروستیش بەرەو خودی خۆی بە دەستدەهێنێت.

**ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێیداو باسمانکرد، دەکرێت گرنگیی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بەم جۆرەی خوارەوە پوختبکەینەوە:**

1. گرنگی پەروەردە: لەبەرئەوەی پەروەردە ئامرازی کۆمەڵگەیە لە هێنانەدیی خواست و مەبەستەکانی، چونکە بایەخ بەو گەشەیە دەدات، کە تاك لە ئەنجامی پرۆسە عەقڵی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی و هەڵچوونییە جیاوازەکانییەوە بەدەستیاندەهێنێت.
2. گرنگیی زمان، چونکە ئامرازێکە لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی.
3. گرنگیی زمانی کوردی بەو پێیەی زمانی نەتەوەیی دووەمە لە عێراق.
4. گرنگیی ڕێزمانی کوردی لە یارمەتیدانی قوتابییان لەسەر هەڵسەنگاندن و نرخاندنی زمانیان و خۆلادانیان لە هەڵە و کەموکووری لە کاتی ئاخاوتن و نووسین و ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی زاراوەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و مەشقپێکردنیان لەسەر بیرکردنەوەی بەردەوام و ڕێکوپێك، چونکە

ئەو چوارچێوە و قالبانەیە، کە تیایدا زمان دەپارێزرێت و یارمەتیی پتەوکردن و پاراستنیاندەدات.

5. گرنگیی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوەی هاوچەرخ، کە لەگەڵ پەرەسەندنی ئەلیکترۆنیی هاوچەرخدا دەگونجێن، بە تایبەتیش ستراتیژیی پۆلی پێچەوانە، لە سۆنگەی ئەوەی یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك.
6. گرنگیی قۆناغی خوێندن بە تایبەتی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، کە بەشداری لە سازدان و ئامادەکردنی قوتابی دەکات، ئامادەکردنێکی باش و بونیادنەرانە لەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا کار لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە جیاوازەکانی قوتابییاندەکات.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانین و ناسینی ئەمانەی خوارەوەیە:**

1. کارایی بەکارهێنانی ستراتیژیی فێربوونی پێچەوانە لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.
2. کارایی بەکارهێنانی ستراتیژیی فێربوونی پێچەوانە لە گەشەپێدانی چێژوەرگرتن لە وانەکە لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

1. نەبوونی جیاوازیی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی خەمڵاندنی (0.05) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بەپێی ستراتیژیی فێربوونی پێچەوانە دەخوێنن و ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی دەخوێنن.
2. نەبوونی جیاوازیی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی خەمڵاندنی (0.05) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردییان بەپێی ستراتیژی فێربوونی پێچەوانە خوێندووە و ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ئەوانەی هەمان وانە بە ڕێگای ئاسایی لە پێوەری گەشەپێدانی چێژوەرگرتن لە وانەکە دەخوێنن.

**پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەمانەی خوارەوە دەستنیشاندەکریت:

1. ئەو قوتابخانە ناوەندییە حکومییانەی بەیانیان و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگای کەرکوکن.
2. ئەو قوتابییانەی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەو قوتابخانە ناوەندییە حکومییانەی بەیانیان و سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگای کەرکوکن.
3. بابەتەکانی پەرتووکی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (2022- 2023)، بابەتەکانیش بریتین لە: (ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە، نیشانە تایبەتییەکانی نێر و مێ، ناوی نەناسراو- ناوی ناسراو، ناوی تاك و کۆ، ناوی بچووککراو، جێناوی کەسی لکاو – ئـ- ب – پ، هاوەڵناو، هاوەڵناوی چۆنیەتی، جۆرەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی، پلەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی).
4. وەرزی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی (2022- 2023).

**شەشەم: دیاریکردنی زاراوەکان:**

**1. کارایی:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەریەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیانکردووە:

**1) شحاتە والنجار (2003):**

"ئەو کاریگەرییەیە، کە دەکرێت چارەسەرکردنی تاقیکاری بیهێنێتە ئاراوە و بە گۆڕدراوێکی سەربەخۆیشی دابنێت لە یەکێك لە گۆڕدراوە پاشکۆکان". (شحاتە والنجار، 2023, ل. 230)
.(Shehata and Al-Najar, 2023, L. 230)

**2) عطیة (2008):**

"توانای ڕوودانی کاریگەری و کارایی شتێکە، بەو کاریگەرییەش پێوانەدەکرێت، کە لەسەر شتێکی دیکە دەیبێت". (عطیە، 2008, ل. 61)
.(Atiya, 2008, L. 61)

**3) زایر وداخل (2016):**

"توانای هێنانەدیی گۆڕینی ئاشکرایە لە ڕێگای بەرنامەیەکی پێشتر ئامادەکراو، کە لەسەر نموونەیەکی کۆمەڵگەکە تاقیدەکرێتەوە". (زایر وداخل، 2016, ل. 251) .(Zayer and Dakhel, 2016, L. 251)

**پێناسەی ڕێکاریی کارایی:** ئەو ئاستی پێشکەوتنەیە، کە ستراتیژیی فێربوونی پێچەوانە لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردی دەیهێنێتە ئاراوە و بەو نمرانە پێوانەدەکرێت، کە قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی (کۆمەڵەی ئەزموونی) لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی بەدەستیدەهێنن، کە توێژەر ئامادەیکردووە و لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێبەستراوە.

**2. ستراتیژییەت:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەریەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیانکردووە:

**1) کوچك (2001):**

"پلانی کارێکی گشتییە بۆ هێنانەدیی ئامانجێکی دیاریکراو دادەنرێت، بۆ ڕێگریکردن لە دەرچەی نەخوازراو تیایدا". (کوجك، 2001, ل. 301) (Kochek, 2001, L. 301).

**2) عطیة (2008):**

"پلانێکی ڕێکوپێکە لە پێناو هێنانەدیی ئامانجە فێرکارییەکان، ئەو ڕێگا و تەکنیك و ڕێکارییانە لەخۆدەگرێت، کە مامۆستا بۆ هێنانەدیی ئامانجە دیاریکراوەکان دەیگرێتەبەر لەبەر ڕۆشنایی توانا بەردەستەکان". (عطیة، 2008, ل. 30) (Atiya, 2008, L. 30).

**3) الخزاعلة (2011):**

"کۆمەڵە ڕێکارییەکی هەڵبژێردراوە بۆ جێبەجێکردنی وانەیەك، کە مامۆستا پلانکاری بۆ دەکات تاکو بە شێوەیەکی زنجیرەیی و ڕێکوپێکی دیاریکراو یەك لە دوای یەك بیانگرێتەبەر و ئەو توانایانە بەکاربهێنێت، کە بەردەستن بە جۆرێك باشترین دەرچەی فێرکاری و ئامانجەکانی وانەوتنەوە بهێننەدی". (الخزاعلە واخرون، 2011, ل. 256)
.(Al-Khzailah *et al.*, 2011, L. 256)

**پێناسەی رێکاریی سراتیژی:** کۆمەڵە هەنگاوێکی زنجیرەییە ڕێکارییەکان و چالاکییەکان و ئامرازە پلان بۆ داڕێژراوەکانی بەپێی ستراتیژیی فێربوونی پێچەوانەی

وانەوتنەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیی بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی لەخۆدەگرێت (نموونەی توێژینەوەکە).

**3. فێربوونی پێچەوانە:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەریەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیانکردووە:

**1) أوزی (2020):**

"هەڵگەڕاندنەوەی بنەماکانی پۆلی ئاسایی و دانانی چەمکی تیۆرییە لە ژێر دەسەڵاتی مامۆستا بە ئامرازی جیاواز و هەمەجۆری ئەلیکترۆنی، داوا لە قوتابی دەکرێت تۆماریبکات و ئەنجامیبدات و بیپارێزێت، چونکە مامۆستا چالاکیی بە کۆمەڵ و دەستێوەردانی تاکە کەسی و پرسیار و

وەڵام و هی دیکەش پێشکەشدەکات". (أوزی، 2020، ل.19)
.(Ozi, 2020, L. 19)

**2) الشرمان (2015):**

"ئەو جۆرە فێربوونەیە، کە تیایدا بەشە وانەی ئاسایی لە میانی تەکنەلۆژیای بەردەست و گونجاوەوە دەگۆڕدرێت بۆ وانەی تۆمارکراو، کە لەسەر ئینتەرنێت دادەنرێت بە جۆرێك قوتابی دەتوانێت لە دەرەوەی بەشە وانەی ناو پۆل بەدەستیبهێنن، بە مەبەستی دەرفەتدان بە ئەنجامدانی چالاکیی هەمەڕەنگ و فێربوونی چالاك و قۆستنەوەی باشترین کات بۆ فێربوون لەناو پۆل و لەژێر سەرپەرشتیی مامۆستا". (الشرمان، 2015, ل. 159-160) ( Al-Sherman, 2015, L. 159-160).

**3) الغامدی (2018):**

"یەکێکە لە جۆرەکانی فێربوونی ئاوێتەکراو، کە تیایدا فێربوونی ئاسایی لەگەڵ فێربوونی ئەلیکترۆنی لە میانی گۆڕینەوەی ڕۆڵی قوتابخانە و ماڵەوە لەگەڵ یەکتری ئاوێتەی یەکتریدەکرێن، بە جۆرێك قوتابی لە ماڵەوە بەدواداچوون بۆ بابەتە ئامادەکراوەکان دەکات، کە پێشوەختە لە لایەن مامۆستا و لە میانی ڤیدیۆوە ئامادەکراوە، مامۆستاش لە قوتابخانە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی قوتابییانی دەداتەوە، زێدەباری گفتوگۆ و مشتومڕکردن لەسەر بابەتەکەو شیکردنەوەی ئەو ئەرکەی بەر لە ڕۆژێك لە لایەن مامۆستاوە ڕەوانە کراوە". (الغامدی، 2018, ل. 32) (Al-Ghamdi, 2018, L. 32).

**پێناسەی ڕێکاری ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە:** بریتییە لە پرۆسەی فێربوون، پێچەوانەی پرۆسەی فێرکردنی ئاسایی، توێژەر تەکنیکە هاوچەرخەکان و ئینتەرنێت بۆ ئامادەکردنی وانەکەی بەکاردەهێنێت، لە ڕێگای ئامادەکردنی گرتەی ڤیدۆییەوە، تیایدا بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی بۆ قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ڕووندەکاتەوە و ئەو پرسیارانە لەخۆدەگرێت، کە مامۆستا لە ڕێگای تۆڕی سۆشیال میدیاوە بۆی ناردوون، بۆئەوەی سەرنجی بدەنێ و پرسیارەکان شیبکەنەوە و لە پۆل وەڵامی پرسیارەکان و ئەرکەکان بدەنەوە.

**4. دەستکەوت:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەریەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیانکردووە:

**1) عطیە (2008):**

"پێوانەکردنی ئەو دەستکەوتانەیە، کە قوتابییان لە ڕاستییەکان و چەمك و ڕێنمایی و کارامەییەکان دوای خوێندن و توێژینەوەی بابەتێکی خوێندن، یان

یەکەیەك یاخود پرۆگرامێکی خوێندن بەدەستیانهێناوە". (عطية، 2008, ل. 300) (Atiya, 2008, L. 300).

**2) أبو جادو (2011):**

"سەرجەم ئەو فێربوونانەیە، کە قوتابی دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك لە قوتابخانە فێریان بووە، دەکرێت بەو نمرەیەی قوتابی لە تاقیکردنەوەی بەدەستهینانی نمرە بەدەستیدەهێنێت پێوانەبکرێت، بۆ زانینی ئاستی سەرکەوتن و تێگەیشتنی قوتابییەکە لەو ستراتیژییەی کە مامۆستا دایدەنێت و پلانکاری بۆ دەکات بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی بۆ نمرە دەگۆردرێت". (أبو جادو، 2011, ل. 469) (Abu-Jadu, 2011, L. 469).

**3) زاير وداخل (2015):**

"ئەو تواناییانەیە، کە قوتابی هەیەتی لەو ئەزموون و زانیارییانەی کە دەکرێت لە شیکردنەوەی گەورەترین ژمارەی پرسیار، کە ئاڕاستەی دەکرێت بخرێنەگەڕ". (زاير وداخل، 2015, ل. 149) (Zayer and Dakhel, 2015, L. 149).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ دەستکەوت:** پری ئەو ڕێژەی نمرەیەیە، کە قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی (نموونەی توێژینەوەکە) لە تاقیکردنەوەی ئامادەکراوی دەستکەوتی نمرە بەدەستیدەهێنن، کە بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە.

**5. ڕێزمانی کوردی:**

کۆمەڵێك رێسا و پێوەری پەیوەست بە بابەتەکە لەخۆدەگرێت، بەشێکە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی (چاپی دوازدەهەم- 2019) لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی دەخوێندرێت، (وەزارەتی پەروەردە، 2019).

**6. گەشەپێدان:**

لە ڕووی زاراوەییەوە هەریەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیانکردووە:

**1) فليه والزكي (2005):**

"توانای تاکە لە بونیادنان و ڕێکخستن و هەڵسەنگاندن و ئاڕاستەکردن و داهێنان و وەبەرهێنان، هەروەها توانایان لە زیادکردنی قەبارەی فێربوون و فراوانکردنی بە جۆرێك هەموو تاکێك بگرێتەوە، ئەمەش یارمەتیی گەشەی دەدات و بەمەش وزەی تاك وەبەردەهێنرێت و لە تواناکانی گەشەپێداندا بەشداری پێدەکرێت". (فليه والزكي، 2005, ل. 32) (Faliya and Al-Zaki, 2005, L. 32).

**2) السيد (2005):**

"پەرەپێدان و باشترکردنی ئەدای قوتابی و توانایەتی لە شارەزابوون لە هەموو
کارامەییەکـان بە ئاســت و پلەیەکـی ڕێکوپێــك". (الســيد، 2005، ل. 187) (Al-Sayed, 2005, L. 187).

**3) زاير وداخل (2013):**

"ئەو پەرەســەندن و پێشــکەوتنەی قوتــابییە لە ئەنجــامی بەرکەوتنــی بە گۆڕانکارییەکـانی فێربـوونی کـارا". (زایـر وداخـل، 2013, ل. 157) (Zayer and Dakhel, 2013, L. 157).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ گەشەپێدان:** "پری ئەو گۆڕان و پەرەسەندنەیە، کە لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیی چێژوەرگرتن لە وانەکان لە لایەن

قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) بەدەستدەهێنرێت.

**7. چێژوەرگرتن لە وانە:**

لە ڕووی زاراوەییەوە ئەمانە پێناسەیانکردووە:

**1) الشريف (2016):**

"ئـــارەزووی قوتـــابی لە بەردەوامیـــدان بە دەســـتکەوت و ئـــاوێتەبوون و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکان بە ڕێگـایەکی ئەرێنیـانە لە میـانی هەسـتکردنی ویژدانیـــانەی کە دەربـــڕی ئەو چێژوەرگـــرتنەیە، کە پەیوەســـتە بە فێربـــوونەوە". (الشریف، 2016، ل. 436) (Al-Sharif, 2016, L. 436).

**2) بارباع (2018):**

"ئەو ســـتراتیژییە هەمەڕەنگـانەیە, کە سیســـتەمەکانی بیســـتن و بینـــین و جووڵەیی دەگرێتەوە و هەستەکانی قوتابی بەهێز و تێردەکـات، وێـڕای جیـاوازیی مەیـل و ئـارەزوو و توانـاو شـێوازەکانی فێربوونیـان بە مەبەسـتی پاڵپشـتیکردنی مـانەوەی کـاریگەریی فێربـوون بەبـێ هەسـتکردنی قوتـابی بە هـیچ ئەندێشـەو ماندووبوونێك". (البرکاتی، 2018, ل. 485) (Al-Barakati, 2018, L. 485).

**3) محەمەد (2020):**

"هەستکردنی قوتابییە بە شادی و بەختەوەری و ڕەزامەندی بەوەی فێریدەبێت و هەست بە گرنگیی ئەوە دەکات، کە فێریبووە و ئەو سوودە زانستییەی بۆ خۆی و کۆمەڵگەکەی لە ئێستا و ئایندەدا هەیەتی، هەروەها هەستکردنی بەوەی فێریبووە زێدە بارگرانییەك، یان خەمێکی گران و سەپێندراو بەسەریدا نییە". (أبو بکر، 2020, ل. 28) (Abu-Bakr, 2020, l. 28).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ چێژوەرگرتن لە وانە:** هەستکردن و چێژوەرگرتن و ڕەزامەندیی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتییە لە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی بۆ فێربوون و هەستکردن بەو بایەخەی هەیەتی و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی و مانەوەو بەردەوامبوونی کاریگەریی فێربوون و پاڵنەرەکانی فێربوون لە پێوانەکردنی بەو نمرەیەی کە قوتابییان لەسەر پێوەری چێژوەرگرتن لە وانە بەدەستیدەهێنن.

**8- پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی:**

ئەو پۆلە لە ساڵی هەشتەمی قۆناغی بنەرەتییە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق و خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکوك، هاوتای پۆلی دووەمی ناوەندییە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە کۆماری عێراق، قوتابی دوای سەرکەوتنی لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، یان یەکەمی ناوەندی لێیوەردەگیرێت، ناوەندی تەمەنیان لە نێوان (13ــ 14) ساڵە. (وەزارەتی پەروەردە، 2019، ل. 22) (Ministry of Education, 2019, L. 22).

**بەشی دووەم: پێشنیارەکان**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان و دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان**

ئەم بەشە خستنەڕووی ئەو ئەنجامانە لەخۆدەگرێت, کە بەدەستهێنراون و شیکردنەوەیان بەپێی ئامانجەکان و گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا و بەم جۆرەی خوارەوە:

**ـ یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان:**

**1. گریمانەی یەکەم:**

گریمانەی توێژینەوەکە ئاماژەی بەوەدا, کە (جیاوازیی ئاماژەیی ئاماری لە ئاستی (0,05)ی نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردییان بەپێی ستراتیژییەتی

فێربوونی پێچەوانە خوێندووە و ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگای ئاسایی خوێندووە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت) بۆ دڵنیابوونیش لە دروستیی گریمانەی سفری، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنا و ناوەندە هەژماری نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی
(2,902) ئەزموونی گەیشتە (27,387) و لادانی پێوەریانەی (2,472)، لە کاتێکدا ناوەندە هەژماری نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتە (24,964) و لادانی پێوەریانەی (2.853)، بەمەش بەهای تائیی هەژمارکراو گەیشتە (2,902)، ئەمەش لە بەهای تائیی خشتەیی (2,000) و ئاستی ئاماژەیی (0,05) و نمرەی ئازادی (57) گەورەترە و بەڵگەی بوونی جیاوازیی ئاماریی نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی لە گۆڕدراوی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە، خشتەی ژمارە (17) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

**((ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائیی دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی ئاماژەی جیاوازیی ئاماریی نێوان هەردوو کۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوەکە)).**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاست ئاماژەیی (0,05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 31 | 27,387 | 2,472 | 57 | 2,902 | 2,000 | ئاماژەی ئاماری لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونیدایە |
| کۆنترۆڵ کراو | 28 | 24,964 | 2,853 | | | | |

بۆ دڵنیابوون لە قەبارەی کاریگەریی گۆڕدراوی سەربەخۆ (ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە) لە گۆڕدراوی پشتبەشست (دەستکەوت لە بابەتی ڕێزمانی کوردی)، توێژەر هاوکێشەی کۆهین (Kouhan)ی بەکارهێناوە، کە ئاماژە بەوە دەدات ئەگەر قەبارەی کاریگەری کەمتر بێت لە (0,50) ئەوە بەڵگە و ئاماژەی ئەوەیە, کە قەبارەی کاریگەری لاوازە، بەڵام ئەگەر لە نێوان (0,50- 0,80) بوو، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە, کە قەبارەی کاریگەرییەکەی مامناوەندییە، کەچی ئەگەر قەبارەی کاریگەرییەکەی لە (0,80) زیاتر بوو، ئەوە ئاماژە و بەڵگەی ئەوەیە, کە قەبارەی کاریگەرییەکەی بەرزە، بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەش ئەوە دەرکەوت, کە قەبارەی کاریگەریی گۆڕدراوی سەربەخۆ لە ئەزموونی توێژینەوەی ئێستا بەهاکەی گەیشتووە بە (0,849)، ئەمەش بە قەبارەیەکی بەرز دادەنرێت، خشتەی ژمارە (2) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (2)**

**((قەبارەی کاریگەریی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە لە دەستکەوتی خوێندنی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی)).**

| ناوەندە نمرەی کۆمەڵەی ئەزموونی | ناوەندە نمرەی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | لادانی پێوەریانەی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 27,387 | 24,964 | 2,853 | 0,849 |

**2. گریمانەی دووەم:**

جیاوازیی ئاماژەیی ئاماری لە ئاستی (0,05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردییان بەپێی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە خوێندووە و ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ئەوانەی هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگای ئاسایی خوێندووە لەسەر پێوەری چێژوەرگرتن لە وانە بۆ دڵنیابوون لە دروستیی گریمانەی سفری، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو چاوگە نموونەی سەربەخۆی بەکارهێناوە، ناوەندە هەژماری نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی (76,387) و لادانی پێوەری (3,955) بوو، لە کاتێکدا ناوەندە هەژماری نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (67,285) و لادانی پێوەری (5,759) بوو، بەهای تائیی هەژمارکراویش (7,133) بوو، ئەمەش لە بەهای تائیی خشتەیی (2,000) و ئاستی ئاماژەیی (0,05) و نمرەی ئازادی (57) گەورەترە، ئەمەش ئاماژە و بەڵگەی بوونی جیاوازییە ئاماژەییە ئامارییەکانی نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی بە پێوەری چێژوەرگرتن لە وانە، خشتەی ژمارە (3) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (3)**

**((ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائیی دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی ئاماژەی جیاوازیی ئاماریی نێوان هەردوو کۆمەڵەکە لەسەر پێوەری چێژوەرگرتن لە وانەی پاشەکی)).**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی ئاماژەیی (0,05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 31 | 76,387 | 3,955 | 57 | 7,133 | 2,000 | ئاماژەی ئامارییە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی |
| کۆنترۆڵکراو | 28 | 67,285 | 5,759 | | | | |

بۆ دڵنیابوون لە قەبارەی کاریگەریی گۆڕدراوی سەربەخۆ (ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە) لە گۆڕدراوی پشتبەست (چێژوەرگرتن لە وانە)، توێژەر هاوکێشەی کوهین (Kouhan)ی بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر قەبارەی کاریگەرییەکەی کەمتر بوو لە (0,05) ئەوە ئاماژە و بەڵگەی ئەوەیە, کە قەبارەی کاریگەرییەکە لاوازە، بەڵام ئەگەر لە نێوان (0,05- 0,80) بوو، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە, کە قەبارەی کاریگەرییەکە مامناوەندییە، کەچی ئەگەر قەبارەی کاریگەرییەکە لە (0,80) زیاتر بوو، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە, کە قەبارەی کاریگەرییەکە بەرزە, بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەش ئەوە دەرکەوت کە قەبارەی کاریگەریی گۆڕدراوی سەربەخۆ لە ئەزموونی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا، بەهاکەی گەیشتە (1,580)، ئەمەش بە قەبارەی کاریگەرییەکی بەرز دادەنرێت, خشتەی ژمارە (20) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (4)**

**((قەبارەی کریگەریی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە لە گەشەپێدانی چێژوەرگرتن لە وانە لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی)).**

| ناوەندە نمرەی کۆمەڵەی ئەزموونی | ناوەندە نمرەی کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کراو | لادانی پێوەری کۆمەڵەی کۆنترۆڵ کراو | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 76,387 | 67,285 | 5,759 | 1,580 |

**دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان:**

**أ. شیکردنەوەی گریمانەی یەکەم:**

دەکرێت شیکردنەوەی ئەنجامە پەیوەستەکان بە گریمانەی سفرییەوە بکرێت, کە ئەم توێژینەوەیە ئێستا بەم جۆرەی خوارەوە هێناویەتییە ئاراوە:

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بوونی جیاوازیی بەڵگەداری و ئاماژەیی ئامارییانەیان لە ئاستی ئاماژەیی (0,05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردییان بەپێی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو خوێندووە, کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی خوێندووە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت دەرخست، ئەوەش لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەم ئەنجامەش بەڵگەی ئەوەیە, کە ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە کاریگەریی ئەرێنی هەیە و ڕەنگدانەوەی لەسەر زیادبوونی تیکرایی دەستکەوتی قوتابییان هەیە، ئەم توێژینەوەیەش تەبا و هاوڕایە لەگەڵ هەریەکە لە توێژینەوەکانی (jounson 2013) و توێژینەوەکەی (butzer ،2015) و توێژینەوەکەی (عزيز،2017) و توێژینەوەکەی (اسيمر، 2019) و توێژینەوەکەی (عبدالساده، 2022).

**توێژەر هۆی ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ:**

أ. ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە ڕووبەرێك بۆ فێربوونی خودی دابیندەکات و قوتابی دەکاتە چەقی مەبەست و ئازادیی هەڵبژاردنی سەرچاوەی فێربوونی گونجاوی دووبارە تەماشاکردنەوەی وانەکانی زیاتر لە جارێك و لە کات و شوێنی گونجاودا بۆ دەڕەخسێنێت، ئەمەش لە ئاستی دەستکەوتی قوتابی زیاددەکات.

ب. ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە کار لەسەر ڕێکخستنی بابەتەکە و ریزبەندکردن و بەش بەشکردنی بۆ بەشی بچووکدەکات، کە تیایدا جەخت لەسەر چەمکەکان و ڕاستی و ڕێساکان دەکاتەوە، هەروەها جەختکردنەوە لەسەری و زیاتر جێگیرکردن و چەسپاندنی لە هزرو مێشکی قوتابییاندا.

**1. شیکردنەوەی گریمانەی سفریی دووەم:**

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بوونی جیاوازییە ئاماژە ئامارییەکانی لە ئاستی ئاماژەیی (0,05) دەرخست، ئەوەش بە سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردییان بەپێی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو خوێندووە, کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی بە پێوەری چێژوەرگرتن لە وانە خوێندووە, ئەوەش لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونییە، ئەم ئەنجامەش بەڵگە و ئاماژەی ئەوەیە, کە پێوەری چێژوەرگرتن کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر زیادبوونی چێژوەرگرتنی قوتابییان لە وانە هەیە, ئەم توێژینەوەیەش هاوڕا و ڕێکە لەگەڵ هەریەکە لە توێژینەوەکانی (jounson ،2013) و (butzer ،2015) و (اسيمر، 2019) و (الغنيماوي،2021) و (عبدالسادة، 2022).

**توێژەر هۆی ئەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە دەگەڕێنێتەوە:**

أ. بەکارهێنانی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە, کە لەوانەیە بەشداری لە زیادکردنی چێژوەرگرتن لە وانە لای قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە میانی ڕاکێشانی سەرنجی قوتابییان و خرۆشاندنیان و کارکردن لەسەر بونیادی خودیی قوتابییان بکات، کە وایانلێدەکات ببنە تەوەری پرۆسەی فێربوون و بەهێزکردنی متمانە بەخۆبوون، ئەمەش دەبێتە مایەی زیادبوونی چێژوەرگرتنیان، چونکە ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە کاریگەریی تەواوی لەسەر ئەوە هەبوو.

ب. بەکارهێنانی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە، لەوانەیە هانی چێژوەرگرتن لای قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی بدات لە میانی زانینی وەڵام دەربارەی ئەوەی لە بیر و هزریاندا دەخولێتەوە لە تێبینی و پرسیاری پەیوەست بە بابەتەکانی وانەی ڕۆژانەیان و کارلێکیان لەگەڵی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە میانی چالاکییە فێرکارییەکانیان.

پ. ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە، لەوانەیە بەشداری لە زیادکردنی چێژوەرگرتنی قوتابییان بکات لە میانی چالاکییە جیاوازەکان و یارمەتیدانیی قوتابییان لەسەر تێگەیشتن و جێبەجێکردن وپراکتیزەکردنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر لە میانی کاری بە کۆمەڵ و هەرەوەزی و کارلێکی نێوان قوتابخانە و قوتابییان و نێوان قوتابییان لەگەڵ یەکتری لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون، بەمەش قوتابییان لەو ستراتیژییەی وانە خوێندن وا لە قوتابییان دەکات کارامەییەکانیان لە شێوەی ورووژێنەری نوێ و

هەمەڕەنگ و بە بەکارهێنانی داتاشۆ بخەنەڕوو، کە پاڵ بە قوتابییانەوە دەنێت بۆ گەڕان و پرسیارکردن و پاشانیش لەسەر چێژوەرگرتن و لێپرسینەوە لە زانیارییە نوێیەکان هاندانیان.

**سێیەم: دەرئەنجامەکان:**

توێژەر بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت, لەوانەش:

1. فێربوونی پێچەوانە کاریگەریی کارای لە زیادکردنی دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردی هەیە، لە سۆنگەی ئەوەی لایەنی باشی ئەوتۆی تیایدا، کە لە ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی ئەوە بەدەست نایەت.
2. زیادبوونی پاڵنەرێتی و حەزی قوتابییان لەو وانانەی بەپێی فێربوونی پێچەوانە پێشکەشدەکرێن بە بەراورد بە فێربوونی ئاسایی.
3. وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی فێربوونی پێچەوانە ڕۆڵێکی ئەرێنی بەخشییە قوتابییان لە پرۆسەی فێربوون لە میانی تێبینیکردن و تێگەیشتن و هەڵهێنجان و بیرکردنەوە، چونکە ڕۆڵیان تەنها وەك وەرگر و گوێگرێك نەمایەوە.
4. بەکارهێنانی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە کاریگەریی گەورەی لە زیادبوونی چێژوەرگرتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی لەسەر حیسابی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو هەبوو, کە بە ڕێگای ئاسایی خوێندبوویان و تا ئاستێکی زۆریش لە بەرژەوەندیی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوو.
5. وانەوتنەوە بە ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە بەشداریی لە بەرزکردەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کرد.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەدەستیهێنان، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

1. پێویستیی بایەخدان بە گرتنەبەری ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانەو ستراتیژییەتی هاوشێوەی نوێ لە وتنەوەی بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی.
2. بەشداریپێکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ ناو خولەکانی پەرەپێدان بە شێوەی بەردەوام بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانیان و مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر وانە وتنەوە و ستراتیژییە هاوچەرخەکانی دیکە و چۆنیەتیی دانانی پلان و نەخشەکاریی وانەوتنەوە و بەکارهێنانی ئامراز و هۆکارە گونجاوەکانی ڕوونکردنەوە.
3. پشتبەستن بە ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە لەناو یەکەکانی وانەوتنەوەی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردە، لە سۆنگەی ئەو ڕۆڵە دیارەی هەیەتی لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی زانستی و هێنانەدیی چێژوەرگرتن لە وانە لای قوتابییان.
4. پێویستیی مەشق و ڕاهێنانی قوتابییانی کۆلێژی پەروەردە لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە، سەرباری ستراتیژە هاوچەرخەکانی دیکە، لەبەرئەوەی کاریگەریی خۆیان لە وانەوتنەوەدا سەلماندووە.
5. جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە لە وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی بۆ قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، لە سۆنگەی ئەو کاریگەرییە ئەرێنییەی کە لە دەستکەوتی خوێندنیاندا هەیبوو.
6. ئاراستەکردنی مامۆستایان بۆ بایەخدان بە لایەنی ویژدانیی قوتابییان، بە تایبەتی حەزی چێژوەرگرتن لە وانە، لەبەرئەوەی بۆ فێربوون هانیاندەدات و ئارەزووشیان لە زانینی هەر شتێکی نوێ لە ژینگەکەیان زیاتردەکات، ئەوەش لە میانی گرێدانی بابەتە زانستییەکان بە ژینگەی دەوروبەریان بەهۆی ئەو پرسیار و چالاکییانەی کە مامۆستا لە پۆلی خوێندندا پێشکەشیاندەکات.
7. کارکردن لەسەر زیادکردنی چێژوەرگرتن لە وانە لای قوتابییان لە میانی بەشداریپێکردنیان لە چالاکی و بەرنامەکان، کە وایانلێدەکات پلان و نەخشەکاری باشتر بۆ ڕێگای فێربوونیان بدۆزنەوە و وا لە پرۆسەی فێربوونیش بکەن لە کەشێکی پڕ لە ئازادی و چێژ و خۆشیدا بەڕێوەبچێت.

**پێنجەم: پێشنیارەکان:**

لە میانی ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیەی ئێستا بە دەستهاتوون، توێژەر ژمارەیەك پێشنیار دەخاتەڕوو، لەوانە:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بۆ کنەکردن و زانینی کاریگەریی فێربوونی پێچەوانە لە بابەتەکانی دیکەی خوێندن.
2. ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە کاریگەریی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە لە گۆڕدراوەکانی دیکەی وەك بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە و ئاراستە بەرانبەر بە بابەت و مەیل و پاڵنەرێتی و ئەوانی دیکە.
3. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بۆ کاریگەریی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە لە قۆناغ و پۆلەکانی دیکەی خوێندن.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بۆ قۆناغەکانی خوێندنی دیکە بە مەبەستی زانینی کاریگەریی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانە لە وتنەوەی وانەی بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی.
5. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان کاریگەریی ستراتیژییەتی فێربوونی پێچەوانەو ستراتیژییەکانی فێربوونی دیکە لە دەستکەوت و خوێندنی بابەتەکانی دیکە.

**لیستی سەرچاوەکان**


- ئەمین، نوری عەلی. (2013). ڕێزمانی کوردی. چ3. چاپخانەی هێڤی. هەولێر.
- محەمەد، باخان ئەحمەد. (2020). دروستنووسیی زمانی کوردی. چ2، شوێنی چاپ نییە.
- حاجی مارف، ئەوڕەحمانی. (1979). ڕێزمانی کوردی - وشەسازی. بەرگی یەکەم, چاپخانە کۆڕی زانیاری. بەغداد.
- وەزارەتی پەروەردە. (2019). زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.
- أمين، فردوس علي. (2016). أثر انموذج ويتلي في اكتساب المفاهيم النحوية لـــدي طالبات الصف السابع الأساسي في مادة قواعد اللغة الكردية. مجلة البحوث التربوية والنفسية. العدد (50). 231- 255.
- حمزه, سمير لفته وهليل - محمد حسن. (2019). تأثير استراتيجية الصف المقلوب في تعليـم مهارتي الارسال والاستقبال بكرة الطائرة لطلاب الصف الثاني المتوسط. مجلة كلية التربية الرياضية. جامعة بغداد. المجلد (31). العدد (4). 79– 88.
- عبدالمنعم، نبيل (2015). القياس والتقويم التربوي واستخدامه في مجال التدريس الـــصفي. ط2. دار وائل للنشر والتوزيع. عمان.
- الحمداني، اقبال رشيد صالح. (2010). اتجاهات الطلاب نحو المدرسة. ط1. دارصفاء للنشـر والتوزيع. عمان.
- الفتلاوي، سهيلة محسن كاظـــــم. (2009). المدخل الي التدريس. ط1. دار الشروق للنشر والتوزيع. عمان.
- الزغلول، عماد عبدالرحيم - علي فالح الهنداوي. (2004). مدخل الي علم النفــس. ط 2. دار الكتاب الجامع للنشر والتوزيع. العين، الامارات العربية المتحدة.
- زيعور، محمد. (2012). عالم التربية (ماهيته وتأريخه ومتطلباته). بيروت.
- الجابري، كاظم كريم - داود عبد السلام - زينب حمزة. (2011). المنهج والكتاب المدرســي. ط1. دار الكتب والوثائق. بغداد.
- زاير، سعد علي - داخل سماء تركي. (2013). اتجاهات حديثة في تدريس اللغة العربيـة. دار المرتضى للطبع والنشر والتوزيع. بغداد.
- البدري، سميرة موسى. (2005). مصطلحات تربوية ونفسية. ط1، دار الثقافة للنشر والتوزيع. عمان.
- زاير، سعد علي - داخل سماء تركي. (2013). اتجاهات حديثة في تدريس اللغة العربيـة. دارالمرتضى للطبع والنشر والتوزيع. بغداد.
- الحربي، صبحي ناجي عبدالله - التميمي عدنان حسين. (2015). طرائق التدريس العامـة. ط2. بغداد.

- اللامي, تبارك نجم عبدالساده ـ ضمياء الراوي ـ سالم داوود. (2022). اثر استراتيجية الصف المقلوب في تحصيل مادة الكيمياء عند طالبات الصف الخامس العلمي. مجلة نسق. المجلد (34). العدد(4). 17– 35.
- بشارات, لينا سليمان محمود. (2015). اثر استراتيجية التعلم المقلوب في التحصيل مفهوم الذات الرياضي لدى طلبه الصف العاشر الاساسي في محافظة اريحا ]رساله ماجستير غير منشورة[. جامعه النجاح الوطنية. كليه الدراسات العليا.
- زاير، سعد علي ـ سماء تركي داخل. (2016). المهارات اللغوية بين النظرية والتطبيق. دار المنهجية للنشر والتوزيع. عمان.
- شحاته، حسن والنجار زينب. (2003), معجم المصطلحات التربوية والنفسية. ط1. دار المصرية اللبنانية. مصر.
- القحطاني, عزيزة ـ بنت مرعي واخرون. ( 2015). الصف المقلوب. ورقة عملية. كلية العلوم الاجتماعية. جامع الامام محمد بن سعود الإسلامية.
- عطيه, محسن علي. (2008). الاستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال. دار صفاء للنشر والتوزيع ،عمان.
- كوجك، كوثر حسين (2001) اتجاهات حديثة في المناهج وطرق التدريس التطبيقات في مجال التربية الأسرية الاقتصاد المنزلي. ط2. عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة، القاهرة.
- الخزاعلة، محمد سليمان (2011) طرائق التدريس الفعال. دار صفاء للطباعة والنشر والتوزيع. مصر.
- اوزي، احمد. (2020). الفصل المقلوب بوابة إشراك المتعلمين وممارسة التعليم عن بعد. ط1. مطابع الرباط للنشر والتوزيع. المغرب.
- ابو جادو، صالح محمد. (2011). علم النفس التربوي. ط 8. دار المسيرة للنشر والتوزيع. عمان..
- الشرمان، عاطف ابو حميد. (2015). التعلم المدمج والتعلم المعكوس. دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة. عمان..
- السيد، حسن احمد. (2005). تنمية تعليم النمو في المدارس العربية باستخدام الحاسوب. سلسلة كتب المستقبل العربي. العدد (39). مركز دراسات الوحدة. بيروت..
- ابو جادو، صالح محمد. (2011). علم النفس التربوي. ط 8. دار المسيرة للنشر والتوزيع. عمان.
- أبو بكر، زهراء الخليل. (2020). اثر نمطي التعلم المعكوس و الاستقصاء في تدريس القرآن واكتساب واستخدام معلمي العلوم قبل الخدمة بكلية التربية جامعة المنيا لمهارات في تنفيذ التدريس وزيادة متعته بالتعلم. مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية. المجلد (14).
- البركاتي, نيفين بنت حمزة. (2018). برنامج تدريس مقترح قائم على استراتيجيات التعلم المحتوى لمعلمات الرياضيات بالمرحلة الابتدائية بمدنية مكة المكرمة في ضوء واقع احتياجاتهن التدريبية. مجلة كلية التربية. جامعة الازهر. العدد (117). ص584 –585.
- Amin, N. A. (2013). Kurdish Grammar. 3rd edition. Hevi Printing press, Erbil.
- Mohammed, B.A. (2020). Kurdish spelling. 2cd edition, no place of printing.
- Haji-Marf, A. (1979). Kurdish Grammar - Vocabulary. Volume 1, Printing House Information Forum. Baghdad.
- Ministry of Education. (2019). Kurdish Language and Literature eight grade class.
- Amin, F. A. (2016). The effect of the Wheatley model on the acquisition of grammatical concepts among female students , seventh basic grade in the Kurdish language grammar subject. Journal of Educational and Psychological Research. Number (50). 231-255.
- Hamza, S. L. and Halil, M. H. (2019). The effect of the flipped classroom strategy in teaching serving and receiving skills in volleyball for second-year

intermediate students. College of Physical Education Journal. Baghdad University. Volume (31). Issue (4). 79-88.

- Abdel-Moneim, N. (2015). Educational measurement and evaluation and its use in the field of classroom teaching. 2nd ed. Dar Wael for Publishing and Distribution. Oman. Jordan.
- Al-Hamdani, I. R. S. (2010). Students' attitudes towards school. 1st edition. Darasafa Publishing House and distribution. Oman, Jordan.
- Al-Fatlawi, S. M. (2009). Introduction to teaching. 1st edition. Al-Shorouk Publishing House and distribution. Oman. Jordan.
- Al-Zaghloul, I. A. and Al-Hindawi R. A. (2004). Introduction to psychology. 2nd edition. the comprehensive book for publishing and distribution. Al Ain, United Arab Emirates.
- Ziour, M. (2012). The world of education (its nature, history, and requirements). Beirut. Lebanon.
- Al-Jabri, K. K., Daoud, A. S. and Zainab, H. (2011). Curriculum and textbook.1st edition. House of Books and Documents. Baghdad. Iraq.
- Zayer, S. A. and Dakhel M. (2013). Modern trends in teaching the Arabic language. Dar: house Al-Murtada for printing, publishing and distribution. Baghdad. Iraq.
- Al-Badri, S. M. (2005). Educational and psychological terms. 1st edition, Dar Al-Thaqafa for Publishing and Distribution.Oman, Jordan.
- Zayer, S. A. and Dakhel M. (2013). Modern trends in teaching the Arabic language. Dar: house Al-Murtada for printing, publishing and distribution. Baghdad. Iraq.
- Al-Harbi, S. N., and Al-Tamimi, A.H. (2015). General teaching methods. 2nd ed.Baghdad. Iraq.
- Al-Lami, Tabarak Najm Abdel-Sada, Dhamia Al-Rawi, Salem Dawoud. (2022). Impact of strategy the flipped classroom in chemistry achievement among fifth grade science students. Nasam Magazine. Volume (34). Number (4). 17-35.
- Basharat, L. S. M. (2015). The effect of the flipped learning strategy on achievement is a concept the mathematical self among tenth grade students in Jericho Governorate [Unpublished master’s thesis]. An-Najah National University. College of Graduate Studies.
- Zayer, S. A. and Dakhel M. (2016). Linguistic skills between theory and application. Dar: house methodology for publishing and distribution. Ammaan Jordan.
- Shehata, H. and Al-Najjar Z. (2003), Dictionary of Educational and Psychological Terms. 1st edition. Dar: house egyptian Lebanese. Egypt. Cairo.
- Al-Qahtani, A. M. and others. (2015). Inverted row. Practical paper. College social science. Imam Muhammad bin Saud Islamic Mosque.
- Attia, M. A. (2008). Modern strategies in effective teaching. Safaa Publishing House and distribution. Oman. Jordan.

- Kojak, K. H. (2001). Modern trends in curricula and teaching methods. Applications in the field of family education and home economics. 2nd ed. World of Books for Publishing and Distribution and printing. Egypt. Cairo.
- Al-Khazala, M. S. (2011). Effective teaching methods. Dar Safaa for Printing and Publishing and distribution. Egypt, Cairo.
- Ozi, A. (2020). The flipped classroom is a gateway to engaging learners and practicing distance education. 1st edition. Rabat Press for Publishing and Distribution. Morocco.
- Abu-Jadu, S. M. (2011). Educational psychology. 8th edition. Al- Masirah for Publishing and Distribution, Oman, Jordan.
- Al-Sharman, A. (2015). Blended learning and flipped learning. Dar Al Masirah Publishing House Distribution and printing. Oman. Jordan.
- Al-Sayed A. S. (2005). Encyclopedia of educational terms. 1st edition. Dar Al Masirah Printing House and publishing. Oman. Jordan.
- Abu-Jadu, S. M. (2011). Educational psychology. 8th edition. Al- Masirah for Publishing and Distribution, Oman, Jordan.
- Abu-Bakr, Z. A. (2020). The effect of flipped learning and inquiry modes in teaching the Qur’an Pre-service science teachers, Faculty of Education, Al-Minya University, acquire and use skills in implementing teaching and increasing their enjoyment of learning. Fayoum University Journal of Educational and Psychological Sciences. Volume (14).
- Al-Barakati, N. H. (2018). A proposed teaching program based on learning strategies Content for female mathematics teachers in the primary stage in the city of Makkah Al-Mukarramah in light of the reality of their training needs. College of Education Journal. Al Azhar university. Number (117). 584-585 pp.